گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper22
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٢/٠٣/١٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٠٥/١٢
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# بیری پەروەردەیی و خوێندن لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا

حەمەنوری عومەر کاکی[1] - صدیق اورحمان علی[2]
hama.omer@univsul.edu.iq - sdiq.ali@univsul.edu.iq
[1+2]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

پەندی پێشینان، کە بەرهەمی بیر و تێڕوانینی هەر کۆمەڵگایەکن بۆ دیاردە و ڕووداوەکان و دونیابینییان بۆ داهاتو، لە ئەنجامی ئەزمونی کەسانی دونیادیدەوە هاتونەتەکایەوە و تەواوی کۆمەڵ بەشدارن لە دەربڕین و داڕشتنیاندا لەڕوی بیر و شێوەوە.

لەنێویاندا پەندە شیعرییەکان، کە بەرهەمی کەسانی بەئەزمون و خاوەن سەلیقەن، دایان ڕشتون و دواتر مۆرکی گەلیان وەرگرتوە، پێگە و بایەخی گرنگیان هەیە بۆ هەر بابەت و مەبەستێک، کە بمانەوێت تێڕوانینی گەل لەبارەیانەوە بزانین.

ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی گرنگی پەندە شیعرییەکان و بایەخی پەروەردە لەناویاندا، پەندە شیعرییەکانی پیرەمێردی کردوە بە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی خۆی و بەناونیشانی (بیری پەروەردەیی و خوێندن لەپەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا)، بەدوای بایەخی پەروەردەدا دەگەڕێت لە دیدی کۆمەڵی ئەوکاتی کوردی و بیری پەندبێژی کورد بەدیاریکراوی، ئایا پەروەردە لە چ دۆخێکدابوە و ویستویانە بە چ ئاڕاستەیەکدا بڕوات، ئامانجی پەندەکان چین بۆ هێنانەدی پەروەردە و خوێندنێکی دروست.

توێژینەوەکە لە دوبەش پێکهاتوە لەبەشی یەکەمدا چەمکی پەند و پەندی شیعریی و گرنگی پەروەردە و ڕۆڵی پەندە پەروەردەییەکان خراوەتەڕو، لەبەشی دوەمدا لەسەر بنەمای ئاگادارکردنەوە، ڕێگری، ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و ئامانجی پەندە شیعرییەکان، ناوەڕۆکی پەندەکان شیکراوەتەوە و تیشکخراوەتە سەر مەبەستەکانیان، لەوێوە تێڕوانین و دونیابینییەکانیان دیاریکراوە، لە کۆتاییشدا ئەنجامە بەدەستهاتوەکان خراونەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** پەندی پێشینان، پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرد، پەروەردە، پەندی پەروەردەیی.

دواتر باسی زانستی شەرعی دەکات و ئەویش لەو سەردەمەدا بەهەمان دەرد چوە و لەجیاتی کارپێکردن بەزانستی شارعی و پابەندبون پێیەوە، حەرامخۆری جێگای حەلاڵخۆری گرتۆتەوە لە کاتێکدا پەیامی ڕاستەقینەی پەندەکان ڕێگرییە لە حەرامخۆری و دورکەوتنەوە لە یاسا شکێنییە، بۆیە دەڵێت:

عیلمی فیقهیشمان وای لێ بەسەرهات
مـــۆدەیـــێـکـــی وا لـــەنـــاوا داهـــات
حـــەرام حـــەلاڵـــی وەهـــا ڕاونـــاوە
حەلاڵ سەربڕا نوتقی نەماوە (پیرەمێرد: 2019، 117)

سەرەڕای هەمو ئەم پەیامانەی، کە پیرەمێرد بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هەنگاوە هەڵەکان و دوبارەکردنەوە و بەردەوام بون لەسەریان ناویەتی، وەک پەند بێژێک و ڕوناکبیرێک لەوکاتەدا ویستویەتی کۆمەڵ لە پەروەردەی نادروست ئاگاداربکاتەوە و ڕێگری بکات لە نەزانی و کردەوەی ناپەروەردەیی، بەڵام دواجار نائومێدی خۆی دەردەبڕێت و باسی کاردانەوەی خەڵکمان لە پەندێکدا بۆ دەکات و دەڵێت:

ئـــەمـــانە ئێـــمە زو تێـــگـــەیشتین
نوسیمان جرتیان بۆ ڕادەهێشتێن (پیرەمیرد: 2019، 118)

پەندبێژ زۆر بەڕونی لەڕێگای پەندە شیعرییەکانەوە وەک ڕێگریی و یاسای توندی ڕێککاری بەگژ نەخوێندەواری و پەروەردەی خراپدا دەچێتەوە و توندتر هەنگاو دەنێت لە دوای ئەوەی پەیامی ئاگادارکردنەوەی خۆی پێشتر بە ڕونی بەهەموان گەیاندوە.

## 4-2 ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن:

پەندەکان دوای ئەوەی بەئەرکێک هەڵدەستن، کە ئەویش ئاگادارکردنەوە و ڕێگرییە دواتر بەوە کۆتایی بە ڕۆڵە چاکسازییەکەیان ناهێنن، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگتر دێتە کایەوە، کە ئەویش ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی کردنە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێک، ئەم ڕۆڵی ڕێنماییکردنە پانتاییەکی فراوانی لە پەندەکاندا داگیرکردوە، بەمەبەستی دەرفەت ڕەخساندن و گەیشتن بەوەی پەروەردەیەکی دروست بهێننە دی، بایەخیان بە زانست و زانیاری و ڕەوشتی بەرز داوە، بۆیە لە پەندە شیعرییەکاندا ڕودەکرێتە خێزان و ڕێنمایی دەکرێن و ئاڕاستەی پەروەردەکردنی منداڵانیان پێدەسپێردرێت بەم شێوەیە:

تەربییە لەسەر دایـک و بـاوک فەرزە
کـە تـەربـیـیـە بـو کردەوە بەرزە
خوی چاک لە خوێندن گەلێ پیشترە
بـەدخـویی عـالـەم زۆر بە ئێشترە

مایەی سود و داهێنانێکە، کە تەواوی مرۆڤایەتی لێی سودمەند دەبن و بۆ کەسانێکیش، کە نەزان و نەخوێندەوارن بەهۆی پاشەڕۆک و تینی گەرمییەکەیەوە زیانیان بەردەکەوێت ئەم دۆخە لەچەند پەندێکدا بەم شێوەیە دەخراوەتەڕو:

زۆر کــەس لــە ئــاگــر قازانج ئەبینێ

کــەچی بۆ نــەزان دەست ئەسوتێنێ

ئــەوەی بــیــزانــێ و بیــهنــێــتــە کــار

لــە ئــاگر ئــاڵــتــون ئــەبا بەخەروار

ئــەوەش نــەزانــێ کــەچــی پێدەکرێ

دوکەڵ و خۆڵ و گەرمای پێ دەبڕێ (پیرەمیرد: 2019، 185)

پەندەکان کە بەرهەمی ئەزمونی کەسانی دنیادیدەن، لەم ڕوەوە وەک ئەنجامێک گەیشتون بەوەی کە پەروەردەکردن، پێویستە بە پێی پێوەر و کات و دەرفەتی گونجاوبێت، ناکرێت لە دەرەوەی سیستم و پرۆگرام بێت، کە ئەمەش گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، کە دواتر قوتابخانە و بیرمەندەکانی بواری پەروەردە پێی گەیشتون، پیرەمێرد وەک پەندبێژێک لە پەندێکدا بەم شێوەیە سنوری کاری پەروەردەکردن دەستنیشان دەکات و دەڵێت:

کاری تەربییە ئەندازەی دەوێ

لــەحــەد تــرازا پەکی ئەکەوێ (پیرەمیرد: 2019، 242)

لەگەڵ هەمو ئەمانەشەدا لەو دۆخەی ڕابردو، کە پیرەمێرد ئەم پەندانەی تێدا تۆمارکردون و نوسیونەوە، هەمان وێنەی ئەم سەردەمەمان دێنێتە پێشچاو، کە ئەویش خوێندن و چونە قوتابخانە بوە لەپێناو بەدەستهێنانی بژێوی ژیان و لەهەمان کاتیشدا، خوێندن و قوتابخانە وەک ڕەخساندنی دەرفەتی کار سەیرکراوە، بەڵام بۆ خوێندەوار هەلی دامەزراندن نییە و ناچار خەڵکی لە خوێندن و پەروەردەی فەرمی دور دەکەوێتەوە و وازدەهێنێت، کە ئەمەش لە هەرکات و دۆخێکدا ڕوبدات ئاڵۆزی و تێکچونی شیرازە و تەونی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و ڕێژەی تاوان زیاددەکات، هەر وەک لەم پەندەدا دەڵێت: کەسیش خەمی ئەم دۆخەی نییە، وەک دەڵێت:

خەڵک لە مەعاریف بۆیە ڕائەکا

خوێندەوار بێ کار بەرد بەبا ئەکا

ئەنجامی خــوێندن مەئمورییەتە

جێگا نەمــاوە تــەعین زەحەمەتە

خۆ کەسیش ئەمە لــێک ناداتەوە

تــۆ لــە چیت، بــڕۆ بە ڕێگاتەوە (پیرەمێرد: 2019، 266)

